# شاسوارێک لە تیشک... "ئارام"ێک لە شنەبا!

(چ مەزنەدڵێک لە لیدان کەوت.. چ مەشخەڵێک کوژایەوە!).#

31ی مانگی پێشوو، 28ساڵ لە تەمەنی شەهیدبوونی ئارام تێپەڕین. ئەمساڵیش، یادی ئارام، لە میدیاکانی کوردستاندا، گەلێک شەرمنانە بەڕێوە چوو. لە هەندەران و لە ژوورەکانی ئینتەرنێتدا، جارێ قسەوباس و رێزلێنان لە ژیان و مەرگی رێبەرێک بەردەوامە کە نیازک ئاسا بە ئاسمانی خەباتی زەحمەتکێشاندا کشا و لەسەر زەوینەی سەختی واقیعی خەباتی ئەوێ رۆژێی کوردستان، کوژایەوە.

تەوەری باسوخواز و رێزلێنان لە بازنەی یادەوەری و یادکردنەوەکانی ساڵانەی ئارامدا، هێشتا لە جوغزی ئەم بابەتانەدا گیریان خواردووە:

ـ گێڕانەوەی مێژووی ژیانی کەسەکی و سیاسیی ئارام.

ـ رۆڵی ئارام لە گرتنەوە و رێکخستنەوەی شیرازەی رێکخستنەکانی کۆمەڵە، پاشی پەلاماری رژێم بۆ سەر کۆمەڵە و گرتنی بەشێکی زۆر لە کادر و ئەندامەکان و تەسلیمکردنەوەی سەرکردەکانی لە ئێرانەوە بە ئێراق!.

ـ سازدانی مەفرەزە چەکادرە سەرەتاییەکانی کۆمەڵە و بانگەشەی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی چەکداری لە کوردستانی پاش هەرەسدا!.\

ـ پەیوەندگرتن لەگەڵ گرووپ و دەستە سیاسییە تازەسەرهەڵداوەکانی کوردستان.

ـ رۆڵی ئارام، لە رێبەرایتیکردنی بزووتنەوە چەکدارییەکەدا، هەڵسوکەوتی لە نێو پێشمەرگە و جەماوەری جووتیاراندا، بوونی ئەو بە کاریزمایەکی سیاسی/ رۆحی لە زەمەنێکی تەمەنکورتدا!.

ـ پەیداکردنی چاپخانەی گەڕۆک و سادە لە لادی و نووسین و چاپکردنی بڵاقۆکی "ئاڵای شۆڕش"".

ئارام، لەو پیاوانەبوو کە سەدساڵ جارێک لە مێژووی میللەتێکدا دەردەکەون. ناکرێ و ناشێ هەروا بە سانایی و بێ هەڵوێستە و تێڕامانێکی قووڵ و مەوزووعیانە بەلاي مێژووي ئەودا تێ بپەڕین.
بەشێکي گرنگي مێژووي ئارام و ئەو زەمینە و هەلومەرجەي دەبنە هۆی تەقینەوەی توانست و خەسڵەتە شۆڕشگێڕییەکانی، لە سەردەمێکی مێژووی کۆمەڵدایە، سەردەمی بێسەربوونی کۆمەڵە و لێکترازانی شیرازەی ڕێکخستنەکانی. بێ خوێندنەوە و نووسینەوەی ڕاستگۆیانەی ئەو مێژووە، ئێمە ناتوانین "ئارام"ێکی بلیمەت، یاخود شاسوارێک لە تیشک لە زەمەنی تاریکیدا بناسین!.
پێویستە توێژینەوەی ورد و زانستییانە، لەسەر ئەو قۆناغە بکرێت. مەبەستم قۆناغی دامەزراندن و کەوتەنگەڕی "کۆمیتەی هەرێمەکان"ە، کە لەوێدا، وەرچەرخانێک لە فیکر و ئایدۆلۆژیا و سیاسەتی کۆمەڵەدا، ڕوو دەدات. کۆمیتەی هەرێمەکان، ئەرکی بەرپاکردنی بزووتنەوەی چەکداری لە ئەستۆی خۆی دەنێت و بە کردەوەش جێبەجێی دەکات.
کۆمیتەی هەرێمەکان و ملانێ و ناکۆکییەکانی لەگەڵ: سەرکردایەتیی زیندان، سەرکردایەتیی دەرەوەی وڵات، ڕەوتەکانی نێوخۆ و لەمپەر و بەربەستە ڕێکخراوەییەکان و زۆر گرفت و تەنگژەی دیکە، دەشێت جێگای کۆڵینەوە بن. ئارام، ڕێبەرێک بوو لەم پانتاییانەدا و بە تۆلێرانس و حیکمەتێکی زۆرەوە کاری دەکرد و هەنگاوی بۆ پێشەوە دەنا!.
ڕاگرتنی بالانسی نێو بازنەی پەیوەندییە سیاسییەکانی نێو کوردستان و مامەڵەکردن لەگەڵ هێزەکانی دیکەدا، بەتایبەت "ق.م" و هێزەکانی کە خۆسازدانەوەیان، سەرەتای سەرهەڵدانەوەی شەڕی نێوخۆ بوو!.
ئارام، چۆن لەتەک ئەم کێشە نەفەرتییەدا مامەڵەی دەکرد؟.

ساڵی 1977، لە دەڤەری بادینان، شەڕەکان سەریان هەڵدایەوە، دوو مەفرەزەی کۆمەڵە و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە دەستی هێزەکانی "ق.م" کوژران، کەچی ئارام، لە دەڤەری سۆراننیشیندا، رێکەوتننامەی "سوورەبان" لەگەڵ "ق.م"دا مۆر دەکات و هەوڵ دەدات پرژی خوێنەکان هەموو کوردستان نەگرێتەوە. هەتا ئارام شەهید نەبوو، ئاگری شەڕی نێوخۆ هەموو کوردستانی نەگرتەوە!.

ئەمە خاڵێکی فیکری و سیاسییە لە هزر و تێڕوانینی ئارامدا و دەبێت هەڵوێستەی لەسەر بکرێت.

ئارام، دیدێکی فراوان و رۆشنی بۆ بزووتنەوەی چەپ و نەتەوەیی لە کوردستاندا هەبوو. ئەو بە کردەوە لە هەوڵی کۆکردنەوەی تەواوی گروپە چەپ و رادیکاڵەکانی نەیارانی کۆمەڵەدا بوو.

گۆران قەراخیی رەحمەتی، بۆی گێڕامەوە:(من، لە گروپێکی گچکەی مارکسیستیی لە قیادەی مەرکەزی ترازاو بووم. من چوومە شاخ و ماوەیەک لەگەڵ کاک ئارام پێشمەرەگ بووم. من، کۆمەڵە نەبووم و دید و فیکر و تێڕوانینی خۆم هەبوون. کاک ئارام وەکو پێشمەرگەیەکی خۆیان رێزیٚ لیٚ دەگرتم. ئەو هەمیشە گفتوگۆ و مونازەرەی لەگەڵ دەکردم.. کاک ئارام نموونەی تۆلیرانس و ئەوی دی قەبوڵکردن بوو. ئەو، بڕوای بە سەلماندن و پێسەلماندن هەبوو. ئارام، دوژمنی زەبر و ئیرهابی فیکر بوو. ئەو لەگەڵ کەسێکی نەیاردا، ئامادە بوو چەند کاتژمێر مشتومڕ بکات).

لە ساڵەکانی دواییدا، تۆقاندن و ئیرهابی فیکر لە ریزەکانی کۆمەڵە و دەرەوەیدا، برەویان پەیدا کردا!. ئەگەر ئارام شەهید نەبا، چ دەبوو؟!.

ئەمە پرسێکە و دەبێت تۆژینەوەی لەسەر بکرێت و وەلامێکی موتڵەق هەڵناگرێت!.

مەخابن، پاشی 28ساڵان لە مەرگی ئارام، هێشتا هاوڕێیەکی ئارام (لەبەر هەر هۆیەک)، نەهاتووە و "ئارام"مان وەکو خۆی، وەک ئەوەی بیری دەکردەوە، دەینووسی، دەپەیڤی، ملانێی دەکرد، پێ بناسێنێت!.
هێشتا بەشێکی زۆر لە نووسینەکانی ئارام، نامە سیاسییەکانی، دیمانە و چاوپێکەوتن و پەیڤینەکانی... هەتا بڵاڤۆکی "بەیانی شوبات"یش، لە پریاسکەی هەندێک لە هاوڕێیانیدا، بێناز کەوتوون، خۆرە لێی داون و پاش 28ساڵان، جورئەتی دەرخستن و توێژینەوەیانیان نییە!.
ئارام، وەکو کەس، سەرکردە و رێبەر، بەرهەمی فیکر و تێکۆشانی هەقە لە بازنەی تەسکی کۆمەڵە و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەربهاوێن و مەودا و رەهەندێکی نەتەوەیی و چینایێتیی گشتگریان بدرێتێ. ئارام، سیمبۆل و کاریزمایەکە لە مێژووی خەباتی میللەتی ئێمەدا. بۆ ئەوەی ئەو رەمزە، بە مەزنی و سەروەریی لە مێژووی میللەت و قۆناغێکی بزووتنەوەی زەحمەتکێشاندا بمێنێتەوە، دەبێت کار لەسەر کاراکتەری بەرهەمە فیکرییەکانی بکرێت، گەشەیان پێ بدرێت و بەرگ و نێوەڕۆکی سەردەمیان تێ هەڵبکێشرێن.
تۆژینەوە، لە مێژووی خەباتی ئارام، تۆژینەوەیە لە مێژووی سەردەمێکی کۆمەڵەی مارکسی_ لینینی. شیکردنەوەی ئەم مێژووە، دەبێت تەنیا لە پێناوی دەرخستنی راستییەکانی مێژوودا بێت و ناکرێت بکرێتە گورزی تێسرەواندنی هیچ کەس و گروپ و لایەنێکی نێو کۆمەلە و دەرەوەی کۆمەلە.
قسەکردن لەسەر ئارامێک، کە لە ناخدا شنەبا و لە شۆڕشدا شاسوارێک بوو لە تیشک، زۆری دەوێت و منیش بۆ ئاییندە، گەر دەرفەت و کۆمەکم هەبێت، زۆرم پێ ماوە!.

# نووسینی نێو جووتکەوانەکەی بەرایی، گەر بەهەڵەدا نەچووبێتم، قسەی "ئەنگلس"ە لە کۆڕی بەخاکسپاردنی کارل مارکسدا.

## گۆران قەراخی: تێکۆشەرێکی ماندووی نێو بزووتنەوەی چەپ بوو. ئەو ساڵانێک لە مەنفادا، لە وڵاتی سوێد ژیا. ساڵی پار گەڕایەوە کوردستان و لە رووداوێکی ناخۆشدا، گیانی لەدەست دا.

### بەیانی شوبات، دەکۆمێنتێکی مێژوویی کۆمەڵەیە و کاک ئارام و کۆمیتەی هەرێمەکان، پاش زیندانیکردنی سەرکردایێتیی کۆمەڵە، نووسیویانە. ئەم بەیانە، لە کێشە فیکری و رێکخراوەییەکانی ئەوێ رۆژێی دەروونی کۆمەڵە دەدوێت. ئەو کێشە فیکری و سیاسییانە، تا دووکەرتبوونی کومەڵە و مراندنیشی بەردەوام بوون.

پشکۆ نەجمەدین
2ی فیبریوەریی 2006

Pishko2000@hotmail.com